# مێردەکەی ئاسکەخاتوون

نووسەر: محمدعلی افغانی

وەرگێڕ بۆ سەرزمانی کوردی: عەبدوڵڵا ئیبراهیمی

وەرزی سێهەم

بەشی دووهەم

لەمشووری خۆتان کەلک وەرگرن. سەرنج بدەن کە بێجگەلەو دوو قەرزەی پێم کوتی لەوانەیە داواگەلی دیکەش بێنێتەگۆڕێ؛ بۆ وێنە ئەو ڕاهێنانانەی لەوماوەیدا بەمنی کردوون و بۆ قەرەبوویەکەی داوای شتێک بکات. کراسێکی تۆڕی چیندار و جووتێک کەوشی پانیەبڵندی بۆ کڕیوم کە قەت دەبەرم نەکردوون و هەر لەلای خۆنی. سس! ئاگاداربە، کەسێک ئەوە دێ: خودی ئەو دەهۆڵەیە، ژنەکەی حوسێن خان! بێگومان هاتووە بەدوای مندا تا بزانێ بۆ وەدرەنگی کەوتووم. باشە چاوەکانی بەشەوێ نابینن. چووە نێو هەمان کۆڵان. ئێوارێ کە دەمەویست لەماڵێ بێمەدەرێ باوەڕی نەدەکرد دەمەوێ منداڵەکانم ببینم. پێیدادەگرت دەگەڵم بێ. و کێ چووزانێ، ڕەنگە تا ئەو گەڕەکەش بەدوامدا هاتبێ.

هوما ڕاوەستا و جووڵەیەکی کرد کە نیشانەی بێزاری لە چوونەوەکەی بوو. درێژەی بە سرتەسرتە کورتەکەی خۆی دا:

- لەوەزیاتر عەرزێکم نییە دۆستی ئازیز، ئیدی خۆت زانی و خوای خۆت؛ تۆ یارویاوەری منی!

سەیدمیران بە ئیستێک کە ئاکامی سەرسووڕمانی لە سەرتاۆای کارەکە بوو، وەڵامی دایەوە:

- باشە، باشە، من خولامی تۆم. پشت بەخوادەبەستم کە کارسازی هەموو بەندەکاننیەتی. هەر داوایەکیان هەبێ چاک بزانە گیان و شەرەفی ئێوە لە گرەوی وان دێنمەدەرێ. جارێ تا دیداری سپەینێ خواحافیز.

- خواحافیز دۆستی ئازیز، پاش سێ مانگ و نیوان ترس و دڵەتەپە ئەوشۆ لەسایەی سەری ئێوە ئاسوودە و هیوادار سەر دەنێمە سەر سەرین. هەوەڵ خوا و دوایەش ئێوە. هەرلێرەڕا بگەڕێنەوە.

بەپەلە و بەشێوەی پیاوان دەستی دەدەستی نا و بەبێ ئەوەی ئاوڕبداتەوە خێرا بایداوە نێو کۆڵانەکە. سەید میران چەند چرکەیەک ڕاوەستا. بە بیستنی لەدەرگادانی ماڵەکە لەلایەن هوماوە، ژنێک کە بەڕواڵەت هەر هاوسەرەپیرەکەی حوسێن خان بوو دەرگای بۆ کردەوە، فانۆسی بەدەستەوەبوو کە لەناکاو هەڵی هێنا و بەوردی دە ڕووی بێوەژنی گەنجەوە ڕاما:

- بتبینم، چاوەکانت ڕوون و قەڵافەتت کراوەیە. وێدەچێ بەبێ ئاکام نەگەڕابیتەوە. ئێمەش هەر ئەوەمان دەوێ ڕۆڵە. تۆ دەبێ لەهەر بارێکەوە دڵئاسوودەبی. وەرەژووری و چیرۆکەکەم بۆ بگێڕەوە!

دەنگی پێکەنینی گڕی ژنەگەنجەکە لەوەڵامیدا بیسترا:

- بێئاکام نەگەڕامەوە، بەڵام بریا لاقم شکابا و پێم دەوێ نەنابا. یا لەو خاوەن مردووەدا دەمم داخستبا و ئەوەندە قسەم نەکردبا! من زۆربلێ و خوشکەمێردەکەم پلەندەر، ئاکامی تێکەڵاویی دووکاتژمێرەی ئێمە دەتەویست چ بێ؟ کاتێک هاتمەوەسەرەخۆ کە دیتم بەبێ ئەوەی بۆخۆشم بزانم، نیشانەی ئێرەم داوەتێ. خوابکا لەبیری نەمابێ. جا چبوو، خۆ پەنام نەبردۆتە خراپخانە کە پێم شەرم بێ. ئێرە ماڵی هونەرە، هونەر! نەک گەڵاچۆنەر؛ و منیش خۆ ئەوان باش دەزانن ، هەر لەسەرەتاوە شەیدای هونەر بووم.

سەیدمیران بە پەرساییەکی چاوەڕوان نەکراوەوە تا نێوەندی کۆڵانەکە چوو و دەنگی وانی باشتر گوێ لێبوو. پیرێژن کوتی:

- ئا ڕۆڵە، جا چبوو، هەرکەس سەنناری لەسەرتە با بێ سێ شایی وەرگرێ. نا کارێکی نەشیاوت نەکردووە و نەچاودەبەری کەسیشی. بێجگەلەوەش ، تۆ بۆیە گەنمت خوارد تا لەبەهەشت بێیەدەرێ. لەکۆنەوە کوتوویانە سێ شت گەنج دەکوژن، سەنگ و سەرما و شکان بەشەرمدا. من لەزاری تۆوە بەمێردەکەمم کوتووە کە هەر لێرە دەمێنینەوە. شاری خۆمان خۆ ئاوی تێنەگەڕاوە هەستین و بێ هۆکار و لێکۆڵینەوە تەپڵی دوورەوڵاتی لێدەین. بەڵێ کچم، ناوبانگ و سەرکەوتن، هەروەک حوسێنخان دەڵێ بزەت بۆ دەکا. دڵنیابە بەجێگایەک دەگەی هەموو ژنان بۆت بەئاوات بن؛ پیاوان بۆ یەکەم جار لەدنیادا بەداخ بن بۆ بە ژن نەخۆڵقاون تا ئەوهەموو ئەڤیندار و شەیدا و سەرسامەیان هەبێ.

دەنگی کپی درگا هات کە لەسەرەخۆ داخرا و هومای قووت دا. کاتێک سەیدمیران بە مێشک و دڵێکی گەرم و لێوانلێو لە ئەندێشە و هەستەوە کۆڵانی تارێک و پڕلەڕازی پیشەسازیی بەجێ دەهێشت لەبەرەخۆیەوە کوتی:

- بۆ پووڵ پەیداکردن نێچیرێکی خراپیان دەتۆڕ نەخستووە! و ئەو مێردە بەدبەخت و گەوجەی دەبێ چەندە پیاوێکی بێغیرەت و بێهونەر بێ کە بێڵێ ئەو نموونەی جوانی و خوێنشیرینییەی بەخۆڕایی لەدەستبچێ. واوێدەچی ئەو پارووە ئی زاریوی نەبووبێ. عەججایەب! عەججایەب! جوانیی زۆری ئەوژنە بۆتەهۆکاری بەدبەختییەکەی. بێگومان بەدڕەفتارییەکانی مێردەکەشی هەرلەوەڕا ئاوی خواردۆتەوە. ئەو مەڕەی گیای تاڵ دەخوا شیرەکەی شیرن دەبێ؛ مێردی دووهەمی ئەوژنە پیاوێکی کامەران دەبێ.

بەیانیی ئەو شەوە زۆر دوورنەبووکە درەنگ بگاتێ. سەید میرانی سەرابی هەرچەندە بەڕوونی نەیدەزانی چدێتەپێش، هەروەک شێوەی چاکەکارانی ڕەسەنە چووکترین ترس و دوودڵیی دەخۆیدا هەست پێنەدەکرد کە دەبێ ئەو دەستە بلوورینە ناسکەی بۆ یارمەتی بۆلای ڕادێرابوو بەنەرمی ، بەڵام توند و مەردانە بگرێ و لەقووڵایی بیرێی بێنییەوەدەر. دڵی قایم و عەزمی جەزم بوو چونکە داکۆکیی لە ماف و شەڕافەتی ڕۆڵەیەکی بێداڵدە و بەرگەنەگر کە وەک مەسیح لەخاچ درابوو تا ببێتە ئامانجی تیرگەلی

ژەهراویی ئاکار ناپەسندان. ئەوە بۆوی ئەزموونێکی بڕیارونەترسان و جوامێری بوو کە لە ژیانی هەرکەسدا لەوانەیە تەنیا جارێک بێتەپێش. و ئایا لەگەرمای سووتێنەری گەردوونی گرگاشەدا کە هەرکەسەو شێوەی خۆی لەئاودا دەبینێ، چاکەکاری ئاوێک نییە کە بە ڕووی هەناسەبڕاوی ڕوحی دادەپرژێنن؟ لەبارەی ویدا هەڵبەت بەپێویستی نەزانی شتێک بە ژنەکەی بڵێ، چونکە ژنان لە تەماکانی خۆیاندا هەرگیز لەگەڵ پیاواندا هاوڕا نەبوونە. تەنیا ئەو جغارانەی ئەوشەوە دەجێدا دەیکێشان، گورگەخەوەکان و ڕوخساری پەرێشانی، ئاسکە خاتوونی خستەبیری‌ئەوەی کەدەبێ کێشەیەکی تازە لەپێش پێی پیاوەکامرەواوپڕکارەکەیدا سەری‌هەڵدابێ. و ئەگەرلەهەمووشتێک بگوزەرێین دیداری هوما بەڕاستی کێشە و مەتەڵێکی لەبەرانبەر سەیدمیران دانابوو کە بۆخۆشی نەیدەزانی بەچ ڕێگایەکدا و چۆن دەبێ گرێیەکەی بکاتەوە. بەڵام ئەو پیاو بوو و پیاوان ئەگەر نەتوانن ڕەوتی کارەکان لەپێشدا پێش‌بینی بکەنخۆیان دەدەنە دەستی ڕووداوەکان و لەجادەی‌ژیاندا ڕاوەستان بەجێ نازانن. بابەتی ڕووبەڕووبوونەوەی دەگەڵ حەسەنخانی دیمبەکـلێدەر، بەوهەمووئادگارە جادووگەرەی هوما لەوپیاوەی سازکردبوو، ئەوەندە شیاوی بیرلێکردنەوەنەبوو. ئەو لەوگەنجە باهێناوەی دەستی‌هەڵکەوت، بەپیلانێکی شەیتانیی زۆر مامۆستایانە (سەیدمیران بوونی پیلانێکی ئاوای بەدوورنەدەزانی) پێی‌بڕاندبوو، لەدنیای وێناییدا (عالیقاپوو)یەکی بەرز و بەشکۆی ساز و ئامادەکردبوو، کە ژنەجوان و خۆش داهاتووەکە، لەجلکی هونەریی خۆیدا بە مورک و مایەیەکی شایانە لەسەری دەدراوشایەوە. بەڵام بە چ هەنجەتێک، بە چ بوێری و بیانوویەک دەیتوانی مرۆڤێک دە (زیندانی برێنتی) خۆیداڕاگرێ کەخاوەنی هەموو ماف و ئازادییەک بوو؟ پیاوۆکەی بەنەشۆراوی پاک، کەنانی خۆی لەسۆنگەی بەدرییەکان دەخوا، ئەگەرنیسکێکی ئاوەزهەبا دەبوو هەرلەڕێوە بەدانەوەی هوما قایل بێ تا کارەکەی نەکێشێتە پێ، واتە فەللاقە. ئەوە بیرگەلێک بوون کە ئەوشەوە دەمێشکی سەیدمیراندادەخولانەوە. ئەو ناوێکی لەزیندانی ئەفسانەیی لابیرێنت بیستبوو کە پاسەوان و دەرگاو بەندی نەدەویستن، بەڵام واتایەکەی لەژیانی ڕۆژانەدا دەزانی. پیاوۆکەی لۆتی، سەرەتای ڕۆژی دوایی، کەدیتی نانەوای بەناوبانگی شار بۆ چکارێک چەکوچی ژەنگاویی دەرگاکەی وەدەنگ هێناوە، کۆشکی ئاوات و بیرەکانی لەناکاو ڕووخا. دەتکوت دڵی لەلێدان کەوت؛ ڕەنگی بەشێوەیەکی مەرگبار زەردهەڵگەڕا و لەرزینێکی ناخۆشی بە درێژایی مۆرەغەپشت‌وپەراسووەکانی هەست‌پێکرد. سەرەڕای‌ئەوەش تێکۆشا خۆی‌ڕاگرێ. سەرەڕای‌ئەوەی هەردووکـپیاو یەکترییان باش دەناسی سڵاویان لێک نەکرد؛ دوخی تایبەتیی ڕووحیی هەرکامەیان هێند لەوی دیکە ئاڵۆزتربوو کە ڕێگای ئەوەی پێنەدان.

سەیدمیران کە ڕەنگی لێوەکانی بزڕکابوو، ورەی وەبەرخۆی نا و پرسیی:

- کارم بەو خانمە باڵابەرزەیە ددانێکی زێڕە، بەناوی هوما. ناوونیشانیان داومێ لێرە دەژی؛ بەڵێ، یەکەم دەرگای دەستی چەپ، ماڵە حوسێن خان، پێموانییە بەهەڵە هاتبم. لەلایەن مێردەکەیەوە هاتووم بەڵکو بتوانم وەسیلەی گەڕانەوەی بۆ سەر ماڵ‌وحاڵی خۆی پێکـبێنم.

بەو قسانە چاوی لەدەوروبەری خۆی کرد و بەزمان لێوەکانی خۆی لستنەوە. حوسێن خان کە پیرێژنە قژسووره پیروئیشکوڕەقەکەشی خۆی گەیاندبۆیە بە تەرەتەر کوتی:

- ئەو خانمەی ددانێکی زێڕە؟ ئێوە لەلایەن مێردەکەیەوە هاتوون؟ هەر ئەومێردەی سێ‌بەسێ تەڵاقی داوە؟ زارا ئەوە دەڵێ چی؟ چۆن شتی وا دەگونجێ؟!

ڕێگای‌دا سەیدمیرانی بچێتە نێوداڵان. جووڵانەوەکانی‌وی و شێوەوتارەکەی ئەومزگێنیدەرەی سەرەتای‌بەیانی دەربڕی نیازودەستەڵاتێکی تایبەت بوو کە بەرەگی ژن و مێردەجانانەکەیەوەدەدا بتەوێ نەتەوێ پاشەکشەی پێدەکردن. حوسێن خان ناچار وەلاچوو تابزانێ چ دەبێ. لە کونجی حەوشە چاوێکی لە ژنەکەی مۆڕکردەوە بە ئاماژە پێی‌کوت:

- چما نەمکوت مەهێڵە بەتەنیا بچێتەدەر! ئەو باڵندە زێڕینە ماڵی وێران کردم.

کاتێک هوما بەچارشێوەوە لەهۆدەیەکی هەڵکەوتوو لە گۆشەی حەوشە بچوکە سواغکراوە دەهاتەدەر، پیاوە لۆتیەکە بە دۆخێکی قەڵس و شێرگرتووانە و زۆر بەدگومانەوە سەراپا ببووە وردبین تا بزانێ چیی لە دیداری وی و پیاوە بێگانەکە دەست دەکەوێ. لەهەمان کاتدا ژنەکەی پەیتاپەیتا دەیکوت:

- نا، ئەوە مومکین نییە، مێردەکەی چوارمانگە خەبەری لێی نییە. نا، ئەو بۆخۆی بەوکارە ڕازی نییە.

بەڵام ژن و پیاوە فێڵبازەکە زوو زانییان کە دەبێ لەو نێوانەدا دەورێکی بێلایەنانە بگێڕن؛ دەورێکی شاراوەتر کە بتوانێ باشتربۆ دابین کردنی مەبەست بێتەهانایان. هوما کە لەهاتنی سەیدمیران دڵنیاببوو، بێ‌ئەوەی پەلەیەک لە کارەکەیدا لەخۆی بنوێنێ، بە ڕوویەکی سوور هەڵگەڕاوتا بەردەرگای داڵانێ هاتەپێش؛ بەڵام پێش ئەوەی چاوی بەقۆڵی کۆتی پیاوەکە بکەوێ ڕووی وەرگێڕا؛ هەنگاوێک کشاوە لە کاتێکدا پشتی دەوی بوو چارشێوەکەی کۆکردەوە وبە ساکارییەکی ڕواڵەتی کوتی:

من کە ویستبام بگەڕێمەوە ماڵەوی، بۆچی تەڵاقم وەردەگرت؟ مەگەر شێت ببووم یا کەسێک ناچاری کردبووم؟ نا، کەس ناچاری نەکردبووم. بێجگەلەوەش ئەوکەسەی دەزانێ وازوو لەکردەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە، ئەوکەسەی دەزانێ ناتوانێ تابی دووریی من بێنێ، بۆچی دەبێ لەژیاندا ڕەفتاری وا ناحەزی دەگەڵ ژنەفەقیرەکەی هەبێ؟ مەگەر منی لەکۆڵان و بازاڕان دۆزیبۆوە؟ چاکەکانیم کە وەبیرنایەن، خراپەکانیشم لەبیر ناچنەوە، دەبێ دڵ بە چیی خۆش کەم و بگەڕێمەوە ماڵەکەی؟ بەڕاستییەتی؟ لەکارەکانی خۆی پەشیمان بۆتەوە؟ لەوەبەدوا بەدڕەفتاریم‌دەگەڵ‌ناکا؟ لەماڵی بەدڵخوازی‌خۆم لێمدەگەڕێ؟ زۆرباشە قسەیەکم‌نییە. ئەوخۆشکەسەڵێتە بەهاتوهاوارەی،

که لەویَ بۆتە هەویَم، بنێرێتە جێگایەکی دیکە جا ئەوجار بەدوامدا بنێریَ. ئەمن لەژێر دیواری شکست دەخەوم و دەگەڵ بەنازونووز لەماڵێکدا ناژیم. شتێکی دیکەش، ئەو لە بەگرێو ڕاگرتنی منداڵە خۆشەویستەکانم چ قازانجێک دەکات؟ ئایا دەیەویَ ئەشکەنجەم بدات یا ئەوان لەوەی زیاتر لەدووریی دایکیان ڕووزەردوبێتاب بکات، کامەیان؟! ئەگەر پێیوایە ئەوەش وەسیلەیەکە بۆ پەشیمان کردنەوەی من، زۆربەهەڵەداچووە، دەبێ دەست لەوگەوجایەتییەبێجێیە هەڵگرێ. دەبیَ منداڵەکانم بداتەوە. بۆمن پێش ئەوەی منداڵەکانم تێر ببینم تەنانەت ئاوخواردنەوەش دەگۆڕێدانییە تا چ دەگا بە بیر لە مێردکردنەوە. ئەوە ڕاستییەکە نیسکێکیش کەم و زیادی تێدانییە. بێگومان نەفەقەی ئەو چوارمانگەش خۆ من نابێ بیڵێم، ئەوکەسەی بۆتەوە بەشەر و هاتۆتەوە سەر ڕێ، بێگومان ئەرکی خۆشی دەزانێ کە چییە؟

هوما بە بەتفەڕی چاوێکی لە زاراو کچەکەی داگرت، کە لەلای حەوز ڕاوەستابوون. پیرێژن بە جۆڵانەوەگەلێک، کە لەدەستەڵاتی خۆی بەدەربوون، باڵی چارشیوەکەی گرت، تا بەئەسپایی تێیگەیێنی، نایەک بڵێ و بۆ هەمووتەمەنی خۆی ڕزگارکا. کچەکەی ئەوی پاڵ پێوەنا و بەدەنگێکی وا کە تەنانەت سەید میرانیش بیستی، بەگژیداچوو:

- نا دایە، تۆ بۆچی دەتەوێ سێبەر بخەیەسەر ژیانی کەسێک؟ ئێمە لەونێوەدا شووڵەکەی پشت دەهۆڵ نین. هەرکەس دەستەڵاتی ژیانی و ڕێوشوێنی خۆی هەیە. بۆ ڕێگا لەو بەندەی خوایە ون دەکەی؟ ئەو منداڵی لەو پیاوە هەن!

هوما ڕووی خۆی دەسەیدمیران کرد کە لەژێر ورووژانەکانی کاری نەکراودا بەتەواوی بەرۆژووبوونی خۆی لەبیرنەبوو و تازە بەتەما بوو بۆ داگیرساندنی جغارەیەک لەدسەر بەردی هەیوانی نیزێک داڵانەکە دانیشێ، و بە دەنگێکی نەرمتر کوتی:

- بەڵێ کاکی بەڕێز، هەروەک کوتم، لەپێشدا با منداڵەکانم بداتێ بزانم لەوماوەیدا چۆن دەگەڵیاندا جۆڵاوەتەوە؛ با بزانین ئەو کە وشتری مێی ڕاوناوە، چیی دەگەڵ دەیلاغەکەی کردووە. من دایکم و تا منداڵەکانم کە، بەندی دڵمن، لێمدوورن، ناتوانم دانیشمو لەهەلومەرجێکی ئازاد و وەکیەکدا قسەی دەگەڵ بکەم. ئاژەڵانیش بۆخۆیان هەستیان هەیە چدەگا بەمرۆڤ، لەپێشدامنداڵەکانم بداتەوە با دڵم بێتەوەسەرەخۆ و پاشانیش ئەوکاکە نوێنەری منە. هەر قسە و گوفتوگۆیەکتان هەیە دەگەڵ وی بیکەن، هەر ئەوەندە.

مەبەستی لەو ئاماژەی دوایی حوسێنخان بوو. ئەوەی کوت و گەڕاوە قوژبنەکەی دیکەی حەوشێ. کاتێک سەیدمیران خەریک بوو لەدەرگای ماڵێ وەدەردەکەوت، دەنگی حیلکەحیلکی پێکەنینی ژنەکانی لەپشت دەرگاڕا گوێ لێبوو. بەوریایی تێگەیشت ژنەگەنجەکە بێجگە لەوەی نەدەکرا ڕەفتارێکی دیکەی کردبێ. بەوحاڵەش بەتەواوی بەخۆداشکابۆوە. لەبەرخۆیەوە سەت جۆر بیری دەکردنەوە. بیستبووی باڵنج تایبەتمەندییەکی هەیە بیر دەگۆڕێ، بەڵام پێیوانەبوو بەوخێرایی و توندییە بێ. دەدڵی خۆیدا شوکری خودای کرد کە لەو دەمە پڕفەرامۆشی و ورووژانەدا، لەنێوان ئاڵۆزیی بیر و سەرسووڕمانی خۆیدا، ڕۆژووەکەی خۆی بەو جغارەی بەتەمابوو هەڵی پێچێ و بیکێشێ، نەشکاندبوو. ڕۆژی دوایی، لای بەیانی چووە دەرگای دووکانی پیاوۆکە لە حۆریئاوا. ئەوێ کۆڵانێکی بازاڕچە ئاسا بوو بەدرێژاییی کەمتر لە دووسەت میتر، کە بەهۆی بوونی زێڕنگەر و وردەواڵە فرۆشی جۆراوجۆرەوە، بەردەوام شوێنی هاتوچۆی ژنانی شار و بەتایبەتی ڕووجوانان بوو، کە هەرکات هەڵێکیان بۆ ڕەخسابا بەبێ ئەوەی ئامانجیان کڕین بێ خۆیان لەوێ ڕادەنا. هەرچۆنێک بێ سەید میران وای نیشان دا کە بەهەڵکەوت ڕێی دەوێ کەوتووە و لەگەڵ ئەوەشدا ویستوویەتی ئەحواڵێکی وی بپرسێ. حوسێن خان وەک هەمیشە زیاتر لە تایەکی دەرگای دووکانە بچووکەکەی خۆی نەکردبۆوە. جغارەیەکی بەلێوەوەبوو و لەنێو کۆمایەکی تێکەڵپێکەڵی وردەوپردەوکەلوپەلدا، کە لەوانەبوو هێندێکیان لەدووساڵپێشترەوە بەبێهۆ کەوتبوونە بندەستوپێی وی، بەتەمبەڵیخەریکی سیمخستنە سەریبوو. سەیدمیران لەپشت سەرییەوە سڵاوێکیکردوخولەکێک شانی وەلاشیپانەی دەرگاداوکەدیتی کەس ئاگای لەوی نییە بەدزەدزە خۆی خزاندە پاشخانەی دووکانەکە. سەرتا بەخۆشمەشرەفیی پیرانەی کەسێک، کەگۆیا دەگەڵ هاوپیاڵەیەکی خۆی دەدوێ، لەکاروباریی پرسیو پاشان بەئازادی زنجیرەیوتاری کێشایەسەرداوسێیگەنجی، واتەهوما. حوسێنخان مژی لەجغارەکەیدا و بە بەهێندنەگرییەکی تایبەتەوە کوتی:

- دوێنێ دوای ڕۆیشتنی ئێوە قسەی دەگەڵ من کرد. بڕیارەکەی هەر ئەوەیە بەئێوەی کوت. و هەقیشیەتی. سەرەنجام ئەو چەرخوفولەکە تەوەرە خوارەی ئێمەی بەبێ هیچ نەخشە و ئامانجێک دە گرۆلەی خولخۆر هاویشتووە و بەدەوری سەری خۆیدا دەیخولێنێتەوە، بۆ ئەو گشت ڕەنج و دەردانە و دڵبەخوێنییانەی ژیان چمان دەداتێ؟ هەر ئەومنداڵانە، کە پاش مردنی ئێمە بەزیندوویی بمێننەوە و یادگاری ئێمە لەسەر زەوی بن. و ئێوە دەزانن کە بۆ ژنێک، ڕۆڵە واتایەکی زۆر قووڵتری هەیە تا بۆ پیاوێک. پێشنیارەکەی وی بەتەواوی بەجێیە. بەڵام من بابەتێکی تایبەتتان پێدەڵێم کە کاتی خۆتان لەونێوانەدا بەخەسارنەدەن؛ ئەو دەیەوێ منداڵەکان وەرگرێتەوە و تەشقەڵە بکات. ئایا ئێوە نیزیکایەتییەکتان دەگەڵ حاجی بەننادا هەیە؟

سەیدمیران کوتی:

- چ نیزیکایەتییەک باڵاتر لە دۆستایەتییەکی چەندساڵە. بێجگەلەوەش، هاندەری من لەونێوبژیوانییە شتێکی باڵاتر لەدۆستایەتییە؛ مرۆڤ دەبێ ئەونانەی دەیخوا، ڕەزامەندیی خودای تێدا لەبیرنەکا؛ دڵی من بەحاڵی منداڵە بێسەرپەرستەکانی ئەو ژنە دەسووتێ کە خەریکە لە دووریی دایکیان دەمرن. ئەوڕۆ هەموو کارەکانی خۆمم وەلاناون تا بتوانم بەدەردی ئەوژنەڕابگەم. دەمەوێ دەگەڵ مێردەکەی، ئەگەر بتوانم بیبینم، گوفتوگۆی پێویست بکەم و هەرچی زووتر دۆخی کارەکەی ڕوونکەمەوە. بابەتی وەرگرتنیمنداڵەکان، ئەگەرمارەکردنەوە دەگۆڕێدابێ، ئیتر مانای نییە. بابەتێکی بنەڕەتیتر دەگۆڕێدایە، چونکە ژن و مێردەکە کارێکە بۆخۆیان کردوویانە، با چاویان کوێربێ و

جووکەیان نەیە و پێکەوە لەسەری پێک بێن. وەستا حاجی کە بێجگە لە قبووڵ کردن چارەیەکی نییە، بەڵام نازانم بیری ژنانەی هوما چۆنی لێ دەڕوانێ.

حوسێن خان لەکاتێکدا گرێی پەردەی تارەکەی نێودەستیی بەددان دەکردەوە، کوتی:

- بێگومان باسی جاش دەکەن. ئێوە بۆخۆتان نانەوان. باشتر دەزانن ئەگەر نان لە تەندووردا باش نەبرابێ لەکاتی خواردندا ژانەزگ دێنێ؛ دەبێ بوارەکە لەویدا ئامادەبکرێ.

سەیدمیران، کە نەلەتەوسی بەتفەڕانەی ئەو وشانە شتێکتێگەیشتبوو و نە لەنیگای بێواز و فێڵاویی بێژەرەکەیا، درێژەی بەقسەکانیدا:

- بەڵێ بەخۆشییەوە کرێکارێکی پیرم هەیە کە هەر لەرۆژی یەکەمەوە بەپیاو لەدایک نەبووە؛ بۆ شەوێک لێی مارەدەکەین بەبێ ئەوەی تەنانەت ڕووشی ببینێ.

- فکرێکی خراپنییە، با بزانین داواکار دەڵێ چی. بەڵام لەمەڕ ئێوە ، ئەوە چ پێداگرییەکەدەیکەن؟ مەگەر لەدنیادا پیاوقاتە یا لەحاسمانێ ڕا ئایەت نازل بووە کە هەر ئەو حاجییە مێردی ئەو ژنە بێ؟! مەگەر بڵێم ئێوە دوژمنی کامەرانییئەون. کاکی بەڕێز، پەردەی شەرم و دەڕوودامان لەنێوان ئەودووانە وەک سینگی ئەڤیندارانی ئەو گەڕەکە، کە بەحۆریئاوا ناودەبرێ، لە سەرێڕا تا خوارێ دادڕاوە. ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن دەتانەوێ لەونێوانەدا ببنەهۆکاری چاکە، واباشترەمنداڵەکانی پێبگەیەننەوە؛ ئەوەبۆخۆی کارێکی گەورەیە، کارێکتان بەمێردکردنەکەی نەبێ. ڕەنگە ئەو ویستبی تاماوەیەک بەئازادی بژی. ئەو لەوەی مانای مێردبێ، بێزاربووە؛ ئەوتەشتی زێڕێکە چرێش سەهلە بەپۆلاش پێوەنانووسێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، پرسیارێکم لەتۆ هەیە. ئایا خوامان لەنێواندابێ، حەیف نییە ژنێکی بەو شۆخی و جوانییە کەڕنگە لەبواری چارەوجەفەرو بەژنوباڵاوە لەهەمووشارەکە نموونەینەبێ، تەمەنێک لەنێوچواردیواری تەنگوگەمارۆدراوی پیاوێکدا ڕابوێرێ و گەورەترین ئەرکوهەروەها شانازیوسەرگەرمیشی فوو لەبن دیزەی چێشت یا شوشتنی پەڕۆبەگوو بێ؟ ئەوژنەی من باشتر لەبەری دەستم دەناسم؛ ئەگەر حەوسەلە یا ئەڤینی ژنومێردایەتیی هەبوایە بۆ ماڵەمێردی بەجێدەهێشت؟ چنەخۆشییەکی هەبوو بیەوێ بەخواردنیتریاک یا دەستدانە کارگەلێکی نەشیاویکوتنیدی کە بۆوی لەپلەی جۆرێک لەخۆکوشتنی ئەخلاقیدابوون، منداڵەکانی بەجێبێڵێ و بڕوا؟ ئێستا ئەو لەماڵەمن جێگایەکی ئاسوودەی هەیە؛ وەک ئەوتووتییەی لە تەنگاییی قەفەز هەڵاتبێ و فڕیبێتە حەرزوبۆی وێناییی خۆی، هەوایەکی دیکە هەڵدەمژێ. ئەوپەڕی ویست و ئامانجەکانی ئەوێیە. با ڕوونتر بۆتان باسبکەم تابزانی؛ هیچدرۆ و فێڵێک لەڕاستی باشتر نییە؛ پێنج ساڵ پێش ئێستا، یەکەم ڕۆژکە هەرلەوگەڕەکەیحازری لەپێشئەو وردەواڵەفرۆشیەیئێستا بۆتەشیرنیپەزخانە، چاوم پێیکەوت. بەڕوانینێک لە جووڵانەوە و ڕەفتاری، ئەوەم دیت کە ئازیتا بەدەستو پێی بوداوە نەیدیت.[1] نازانم چۆن دەست پێبکەم و چۆن قسەت دەگەڵ بکەم کە لەبابەتەکەم تێبگەی. بمبوورە ها ئەگەر بەڕاشکاوی دەڵێم: ئەگەر لەدنیادا بێجگە لە خواردن و خەوتن و جووچکە دەرفرتاندن کە کارگەلی گشتیی قەڵەمڕەوی حەیوانین، شتی دیکەش هەن کە ئێمەی خەڵک کەمتر ئاگامان لێن؛ لەو کەپۆیانەی خوویان بەبۆنی ئاودەستەوە گرتووە چچاوەڕوانییەک مەبێبکرێ. من ناڵێنوسکاڵا دەست پێکردنی لەخۆڕام پێخۆش نییە. کۆنفۆسیووس دەڵێ لەجیاتی ئەوەی نەحلەت بۆ تاریکی بنێرن، شەمێکی داگیرسێنن.

سەیدمیران بزەیەکی بەگڵتەجاڕی هاتێ و کوتی:

- من خۆم پەروەردەی دەرودەشت و هەوای ئازادم؛ لەبەرتیشکی ئەفسووناویی مانگدا گوێم داوەتە ناڵەی بلوێری شوانان. هەڵپەڕینی قۆڵ دەقۆڵدای کچان و کوڕانی بێخەوشی لادێم دیون. دەزانم دەڵەی چی؛ هونەرمەند بۆخۆی دنیایەکی هەیە، کە لەدەرەوەی وی دا هەر ڕاستی و واتایەک پووچەڵ و ڕەنگ بزڕکاوە. ئایا ئێوە هەر لەوکاتەوە بەدوای ئەو ژنەوەبوون؟

پیاوە لۆتییەکە لەنێو وردەوپردەی بەردەستی خۆی بەدوای شتێکدا دەگەڕا کە لەوانەبوو شکافەکەی بێ. کەنەیدیتەوە بە قامک سازەکەی دەستیی وەدەنگ هێنا و کوتی:

ئەگەر من نەبام، ئەوانی دیکە دەبوون؛ ئەوانەی من بەهۆی کارەکەمەوە دەمناسین‌و لە کەفوکوڵوئاگری دەروونیان لەئاواتی پێگەیشتنی ویدا بێئاگا نەبووم.

- ئایا نەخشەی ئەڤینی گۆرین ساز و ئامادەکراوی دەستی هەر ئەوکەسانە بوو؟

- بیرۆکەکەی تەڕەزنی مێشکی خودی ژنەکە بوو، یا باشتر بڵێم نەخشەی یەکێک لەدەستەخوشکو هاودەمانیبوو کەهێشتاش جارجارە بەدزی دێتەلای – سیلیا، بەڵێلەبیرمە. دۆستیزانای ڕۆزالیند دەشانۆی چۆنیبتانەوێدا، نووسراوەی ویلیامشکسپیر شاعیرودڕامانووسی بێهاوتای ئینگلیس – لەقەڤقاز هێنایانەسەرشانۆ. بۆخۆشم لەژەنیارانیبووم. ئەوسیلیسیای دووهەمە پێیکوتبوو، کاتێک دەستت لەهەموو هۆکارەکانی شەرعیوعورفی بۆتەڵاقبڕاوە، وەک زیندانییەمەحکووم بەئەبەدێک کە خۆی لەمردن دابوو و بەوفێڵە لە زیندانێ هەڵات، ئەتۆش ئەڤینی خۆت بۆ ئەوپیاوە وا بەمردوو بنوێنە و وابڕۆ کە پاش ڕۆیشتنت هەرگیز نەوەێ ناوی ژن نەهێنێتە سەرزمانی. لەوانەیە ئەوبیرۆکەسەیرە لەسەرەتادا بنێشتێکبووبێ کەبەزاری دوودۆست بەتامنوندبێ؛ بەڵام ئارەزوو تیشکێکە ڕێگای کردە ڕوون دەکاتەوە.

١- ئازیتا لەکاتی لەدایکبوونی بوودادا نیشانەی گەورەییی لە دەست و پێی ویدا دیت.

و ئەوکارانەی نەفسی شەیتانییان هەیە زۆر زووتر خۆیان بەسەر وجوودی مرۆڤ دادەسەپێنن. ئەوان پاشئەوەی ماوەیەکیزۆر بیریان لەوبابەتەکردبۆوە وسەروژێریان باش هەڵسەنگاندبوو، سەرەنجام دامابوون کە ماکی سەرەکی چۆن و لە چ قوماشە مرۆڤێک هەڵبژێرن. لێرەدابوو کەدزانی ئەڤین واتەئەوانەی بەردەوام بۆی دەوکولانەدا دەبۆسەدابوون، بیستیان و لەخۆشییان بەتەقڵەسەما سەریان لەئاسمانێدا. بەڵام لەبەختی خراپی وان، ئەوکەسەی لەدەوری ئەڤینداری درۆییندا فەرمانی ئەوکارەی وەرگرتبوو، وەک کەسێکیگەوج وەدەرکەوت، کە بەتاڵتر لە مێشکی هەر گیرفانی بوو. ئەوانەی بۆخۆیان لە تولاسانی بەناوبانگی شاربوون، بەقەستی کەسێکی وا نابووت و ڕووت و قووتیان هەڵبژارد، کە دڕووی ئەڤین نەتوانێ دامێنی بگرێ.

سەید میران بە بێوازییەکی کەسێک کە دڵەی هۆگرییەکی تایبەتی بە تێگەیشتنی بابەتێکەوە نییە، قسەکەی پێ بڕی:

- ئەو ئەڤیندارە بەرۆک دادڕاوانەی باسیان دەکەی، ژنەکەش پێی زانیون؟

- ئەوەندەی من بۆی دەچم نا، پێی نەزانیوە. بڵام بەو مەترسییە تۆقێنەرانەی زانیوە کە بەدەوری سەریدا دەخولێنەوە. هەرچۆنێک بێ، ڕەنگە من بەهەڵەدا چووبم؛ ئەو هەرچەند وەک ئەنام نەرمێکی دەریایی لە بیر و ئەندێشە بەتاڵ بێ، ئەوەندەی ئاوەز هەیە دۆست و دوژمنی خۆی بناسێ. ئەگەر لەترسی ئەودوژمنانەنەبا، بۆچی لەکاتی هاتنەدەری لەماڵەمێردیڕا هەرگیز نایەوێ جلکی نوێ بکاتەبەر؟ ڕەنگەئەگەر لەدەستیهاتبا ورگیمەڕی بەسەرخۆیدا کێشابا تاخەڵک بەناشیرینترین بوونەوەری سەرزەویی بناسن. ئەگەر بەرژەوەندیی خۆی بزانێ و ئامۆژگاریی من وەرگرێ، باشترین جلک کە دەتوانێ بیپۆشێ و هەمووکەس بە سەرسامی وا لێ بکا بەپیرۆزی ڕێزی لێ بگرن، هەر ئەو جلکەی پارێزکاریی هونەرییە کە من بەگوێمداداوە.

سەید میران بەکورتی لێی زیاد کرد:

- و ئەگەرنەبوو، ژیانێکی پاک و نەجیبانەی ماڵەمێردێکی لەسەرەخۆ و جێگایبڕوا کەبتوانێ هێمنایەتیی ڕاستەقینەی پێشکێش بکات.

- بەڵێ ماڵەمێردێکی لەسەرەخۆ و جێگایبڕوا، بەڵام نەک ئەو سەگە پاسەوانەی دۆزەخ! ئێوە ئەگەر پێشتر ئاگاداری ژیانی ئەو ژن و مێردە بووبن باش دەزانن، هەر ئەوەندەی ئەو بەئاین و ئۆینە، ستەمخواز و ڕەسەن بووە و هەیە، ئەوی دیکە تووڕەوتۆسن، شەڕانی، ئیرادگرونەسازاوبووە. لە کۆکردنەوەی دووبارەی ئەو دژانەی لێک جیا، دەتەوێ بێجگە لەهەڵڵاهەڵڵاوسەگەمەرگیی هەمیشەیی چی دی چاوەڕوان بکرێت؟ پێم سەیرە، چۆن دەکرێ ئێوە ئەوانە بزانن و دەکارێکی وادا کەهەردوودیوی مۆری نەگونجانی لێدراوە نێوبژیوانی بکەن؟! بۆچی، شتێکی دیکەش هەیە – بەڵام نا، من دەبێ لە بیرێکی ئاوا لەبارەی تۆوە کە لەوشارەدا جێگای ڕێزی هەموانی، خۆم سەرکۆنەکەم – ناکرێ کەسێکی لە شانی سەرۆک نانەوادا بیهەوێ خۆی تا پلەی جاشێک بێنێتەخوارێ؛ ئایا دەتوانم پرسیارێک بکەم؟

حوسێن خان چاوێکی دۆستانە و پڕمانای لێکرد کە تاناخی دڵی بەردەنگی، کۆڵی و وەک بڵێی هەموو شتێک بۆی ڕوون و یەکسانە درێژەی بە قسەکانی دا:

- تۆکەخۆت باشدەزانی، من وەک ئەومردووەم کەپاڵی وەگۆچاڵ دابێ و ڕاوەستابێ، لەدۆخێکی وادانیم کە بتوانم لەماڵەخۆم بەچاوێکی شاوەتاوی چاو لەو ژنە بکەم. ئەگەر مرۆڤناس بی بەچاولێکردنێکی سەرسەرەکی لە ڕوخساری ئێسقانی و چاوانی کزم تێدەگەی کە هەموو نیشانەو شوێنەواری گەنجەتیم بێجگە لە بیرەوەرییە شیرنەکانی لەدەست داون؛ مێشەنگوینێکم تەمەنی زۆر ڕەنگمی گۆڕیوە؛ لەوسەفەرەپڕجۆشوخرۆشەدا کە لەپێشمە، دەڕۆم تادوایین شیرەی گوڵی خۆم هەڵمژم بیهێنمەوە خەڵەفەکەم پاشان بەتەپوکۆ خللۆربمەوە دەرێ و لەخامۆشیی جەزبەداری خۆمدا گیان بەدەستەوەبدەم و لاشەیبێنرخم لەگەڵ گەڵای خەزان بەدەستیبا بسپێرم. هێشتا نەمکوتووە و ناتوانم بڵێم هەرگیز دەست لەداوێنی ئەوژنە هەڵناگرم؛ چونکە هەرچەندیش بەرعۆدەییەکانی لەبەرانبەر مندا قورسیش بن دەزانم بۆ هەمیشە نییە. و ئەوکەسەی بڕیاری داوە تانجی دەخۆڵێ گەوزیوی لەبن پێیاندا وردبووی ژنومێردایەتی هەڵگرێتەوە و دیسان بیخاتەوە سەری، پاڵی وە قانوون و پشتیوانیی کۆمەڵگا داوە، بەڵام من؟ تەنانەت ئەگەر باوکیشی بام نەمدەتوانی لەلایخۆمیڕاگرم. بەڵام ناچارم ئەوەش بڵێم؛ وەک عەرەبەکانی سەردەمی هێرش بۆسەر ئێران، ئەوکوردە دۆنەدیوە نیم زێڕەکانی تاڵانیی خۆم بە زێو بگۆڕمەوە.

سەیدمیران دەسحێبەکەی لەگیرفانی دەرێنا. دەدەستیدا خولاندییەوە، و پیاوە لۆتییەکە درێژەی پێدا:

- ئەگەر ئێوە دەتوانن ئەو ژنە ڕاگرن، من بەوپەڕی نیازپاکییەوە ئامادەم چاو لە هەموو داواکارییەکانی خۆم لەسەر وی بپۆشم؛ هەر ئێستا هەستم و دەرگای دووکانێ داخەم و وەک ئەوباوکەی کچەکەی بەمێرد دەدا دەستی بگرم و دەدەستی تۆی نێم، بەڵام چۆن دەزانم ئێستا شەو نییە و ڕۆژە بەدڵنیاییەوە دەزانم ئەگەر ئێوە بتوانن بەشکۆترین ژیانی شەرعی یا ... ناشەرعیی لەوشارەدا بۆ دابین بکەن، لەئەڤینی خۆیتان نەمامێکی بۆ بنێژن کە هەر چرۆیەکی میوەیەک و هەر میوەیەکی تامێک بدا، ناتوانن ڕوحی وی داگیرکەن؛ سەرنج بدەن، گیانی بابەت لە ئەڤینێکی ڕاستەقینەدا وەک هونەر دە کەوانەکەیدایە؛ ڕوحی ئەوژنە مەلێکی شەیداوبێهۆشە کەسەرسامی دنیایەکی زۆرناسکی دیکە بووە؛ دنیایەک کە تەنیا من بەڕازەکانی دەزانم و دەتوانم پێی بسپێرم. ئەگەر ئێوە ماڵەمن بۆ وی بەجەهەننەم بزانن، گومانتان نەبێ کە ئەو وەک ئۆریدیس[1] پێی لە بەهەشتەکانی ژیانی ئاسایی باشتردەبێ و بۆخۆی هەر لەوێ دەمێنێتەوە؛ یائەگەر بشچێ

١- ئۆریدیس هاوسەفەری ئۆرفە، کاتێک بەپاڕانەوەی مێردەکەی ژیانی تازەی پێدەدرایەوە و لە جەهەننەم دەهاتەوەدەرێ ئاوڕی داوە دواوە و دیسان گەڕاوە شوێنی پێشووی خۆی.

پێش ئەوەی ماوەیەکی زۆر بخایەنێ دەگەڕێتەوە. ئەوقسانە بۆیە دەکەم تابزانن دەگەڵ چۆن و چ ژنێک بەرەوڕوون. بێجگەلەوەش لە دەردیسەریگەلی دیکەش خافڵبن کەوەک جیازی وین و دەگەڵخۆیدادەیانباتەماڵەمێردی؛ ئاشقانی لەهەموو قوماشێکی هێشتا هیچ نەبووە تا دەستیان لەسەریهەڵگرتبێ؛ ئەوەیهەیە شوێنپێیان ونکردووە. ئەوانە، هەرشەوەی لەمەیخانان و سووچوقوژبنی شاردا خوێنی خۆیان تێکەڵی مەی دەکەن و بەیادی گەیشتن بەو هەڵیدەدەن. ئایا دەکرێ ئەوبابەتە بەکەم بگرین؟ ئایا چیرۆکی پڕکارەساتی فەتحعەلیخانی زەند و خۆشەویستە جوانەکەی، شاخی نەباتتان، بیستووە کەلەبنەڕەتدا خۆشەویستی هەڵبژاردەی کەریمخانبوو و پاشمردنیکەریمخان بۆوی بەجێمابوو، دیسان دەبێ مێژوو دووپات بێتەوە؟[1] لەهەمووی ئەوانە بگوزەرێین، ئەو، ئێسفەنکسێکی[2] بەتەواوی واتایە؛ سەری مرۆڤ و لەشی شێری مێی هەیە؛ جۆلانەوەکان و خوو و خدەی دەلێکدانەوە نایەن و ناڕوون و تشتانۆکین. دەتوانم بەبوێرییەوە بڵێم هیچ لە ئەڤین نازانێ، سەرەڕای ئەوەش بۆئەزموونی ئەڤینی پیاوی مەبەستی، وەک هیندییان لەڕاوەفیلدا، چاڵگەلی ترسناکی لەسەرڕێگای هەڵدەقەنێ، کە دەربازبوون لێیان هەرگیز ناگونجێ. لەبابەتی ئەڤیندا ئەو بلەوەزێکی جەللادە کە لەکۆڵ کردنی باری دۆستایەتییەکەی بێجگە لە مەحکووم بوون و دەردیسەری هەمیشەیی ئاکامێکی نابێ. ئەو ڕەنگگۆڕ و وەک ئاگر یەکڕووی. ئەڤینەکەی مەمک مژەیەکە فریوت دەدا و تێرت ناکا. چواردیواری مێرد سەهلە، ئەوشارەی بۆ چووک و تەنگەبەرە. لەدەرەوەی ماڵەمن، ئەو پیاڵەیەکی مەیە کە بتەوێ و نەتەوێ دەبێ دەکۆڕی تافتەخۆراندا دەستاودەستی پێ بکرێ. بەکەلکی خوێرییەکی لەقوماشی هەر ئەو ئەلبورزەی ئەڤینداری بەدرۆی دێ کە نەدەزانێ لەکوێ هاتۆتەدنیایە، دایک و بابی کێن، و نە تێدەگا ئابڕوو بۆ خواردنێ دەبێ یا بۆ بۆنکردنێ؛ ڕۆستەمێکی پاڵەوان کە ڕۆژێک عومری دووبارەی پێبەخشراوەتەوە تا پێش هەڵاتنیخۆر ئەگەر بتوانێ دنیاژێروڕووکات؛ بەڵام تا دوایین دەمی دەرفەتەکەی، کاتی لە دۆزینەوەی ڕەخش لەدەست چووە. کەوابوو دەبینی کە من لە دنیا و ئەوەی پێش ئێستا ڕابووردووە زۆر شتان دەزانم. کتێبگەلێکم خوێندوونەوە و چیرۆکهایەکم بیستوون. بەکەلکی مرۆڤێک دێ کە وەک پشیلە بتوانێ پێش چاوکردنەوە لە شەوێکدا حەوت جێگای پێ بگۆڕێ، نەکو کەسێکی بەدین و بەڕێزی لەسەرەخۆی زانست فێربووی وەک ئێوە. سەرەڕای ئەوەش، ئەوە من و ئەوە تۆ و ئەوەش کچەکە؛ هەر وەک عەرزم کردی، هەر ئێستا هەڵدەستین، پێکەوە بە پیاسە لێرەڕا دەچینە ماڵێ، لەوێش پاش گەرمبوونەوە لەپەنا ئاگر و خواردنەوەی پیاڵە چایەک، ئەگەر بەڕۆژوو نەبن، بانگیکەم و لەپێش چاوی تۆ پێی بڵێم سەری ئازاد و گیانی سڵامەت؛ هەر ئەودەمە یا دەمێکی دیکە، دەگەڵ هەرکەس و بۆ هەرجێگایەک مەیلی موبارەکی بیگرێ دەتوانێ بڕوا. هەر وەک ئەوەی من لەبنەڕەتدا ڕۆژێکی ئەو ئەکامارگۆ[3] حەسڵە ئێرانییەم نەدیبێ. تەنیا قسەیەکی ئاخیریشم هەیە بەگوێچکەتی ئێوەی بڵێم: برادەر، ئەوژنەی دەبەی، بەڵام ئەگەر بەوشێوەی دەبێ ببێ تێینەگەیشتبی، دەبێتە بەڵای گیانت، ژیانت لەناودەبا. ئەوڕۆ چ ڕۆژێکە، ها؟ ئەگەر عومر باقی بێ و ڕووداوەکان یارمان بن، یەکتری دەبینینەوە.

سەید میران وەک ئەوەی لەدانیشتن ماندووبووبێ یا لە هەوای دووکانی نزم و تێکەلئێکەڵ وەڕەزبووبێ لەسەر کورسی هەستا، تا بەردەرگا ڕۆیشت و دیسان گەڕاوە. بەبێ ئەوەی دانیشێ کوتی:

- ئەوە چ هەڵەیەکی گەورەیە ئێوە کردووتانە. ئایا من ئاگام لە هەڵەگەلی گەورە و بچووک، چاوحیزییەکان و بەرەڵڵاییەکانی ئەو ژنە لەماڵە مێردەکەی نییە، یان ئابڕووی خۆمم لەوشارەدا بەئاوانتە وەدەست هێناوە تا سەروسەودام دەگەڵ هەوەسێکی ئاواگەوجانە هەبێ. ئەوهەرچەندیشجوانبێ، نەلەئابڕووی کەسیوکۆمەڵایەتیی من جوانترە، نەلەکامەرانیی ژن و منداڵم باشتر، منێک کە لەسۆنگەی بەقا و ئابڕوومەوە نان دەخۆم باش دەزانمکە من پێویستیم زۆرتر بەخەڵکە تاخەڵک بەمن. بێجگەلەوەش ئێوە پیاوێکی خوێندەواروتێگەیشتوون، ئەگەر من بەتەمایهێنانی ئەوژنەبووبام چ پێویستبوو پارووی لەپشتسەرەڕا دەزارمنێم و بەوپێشەکی سازکردنە زیادییە بێمە مەیدانێ؟ مەگەر ڕێگای ڕێکوفەرشکراوی مەحزەرم پێنەدەزانی، یا منداڵی دۆزراوەی دوێنێ بووم؟ ئێوە ئەگەر باوکی یاساییی ویش بان دیسان دەمتوانی زەحمەتی گفتوگۆ و چەنەلێدان لەسەرتان کەم کەمەوە و پێشنیارەکەم دەگەڵ خودی ئەوخانمە بێنمە گۆڕێ؛ وانییە؟

- بۆچی فەرمایشتەکەتان دەسەلمێنم؛ هەر ئەو ڕستەیە منی قانع کرد تا ئیدی لەبابەتەکە نەدوێم. ئەگەر ئێوە لەوکارەدا بەرژەوەندییەکی تایبەتیتان نەبێ چارەسەری کێشەکە ئاستەم نییە. ئایا دەبێ حەتمەن ئەوڕۆ حاجی بەنناى مێردی ببینن؟ مەبەستم ئەوەیە واباشترە چەند خولەکێک دەگەڵ خودی ژنەکە لەماڵەمە دانیشن و گوفتوگۆی دەگەڵ بکەن؛ قسەی ڕاستی دڵی وی بزانن چییە؛ وەک پێشوونان دەڵێن، پێش ئەسپی ئاخوڕێ هەڵمەبەستە*[1]. لەوشێوە بابەتانەدا کە پەیوەندیی بە ژیانی کەسانەوە هەیە، پەلە مایەی پەشیمانییە. من بە زەمانی تەجروبە قسەتان دەگەڵ دەکەم؛ هەر کات دیتان لەکارێکدا تووشی دوودڵێ یا بیرگەلی لێڵ یا ناڕوونن، هەرچەندیش دەستپێکەکەی باش دیار بێ، سەبر بکەن. کێشەگەلی چارەنەکراو بدەنە دەستی زەمان، ڕێگای سروشتیی خۆیان دەکەنەوە. سپاس بۆخوا ئێوە وەک من ئەوەندە پیرنین کە بەپەلەبن.

لێوە ڕەشەکانی حوسێن خان بە بزەخونەیەکی شەیتانانە کراوە. چاوە کوێرەمووشەکانی کەوتنە سەریەکبە ڕوخسارێکی ڕاستەقینە و بێ <u>پەیکەرۆکە و دەنگی داکەوتوو و نەرم پرسیی:</u>

١- سوڵتانعەلیخانی زەند پاش مردنی کەریمخان ، خۆشەویستەکەی وی، شاخی نەبات،ی هەڵگرت کە لە جوانیدا سەرتۆپی سەردەمەکە بوو و دەستی لەهەڵڵای سیاسەتو پلەو سامان هەڵگرت و چووە کرماشانێ. بەڵام چونکە لەمحەممەدشاو بەرەڵڵاکانی میری پارێزراو نەبوو، دەپێشدا شاخی نەبات و پاشانیش خۆی کوشت.
٢- ئێسفەنکس، دێوی ئەفسانەییی یۆنانی کۆن، تشتانۆکێکی پێ بوو کە لەهەرکەسی پرسیبا ئەگەر وەڵامەکەی پێ نەبا دەیکوشت.
٣- سەماکاری ئۆپێرای پاریس لە سەدەی ١٨ی زایینی.
*١- نووسەر دەڵێ: دەپێشدا بیرەکە هەڵقەنن دوایە منارەکە بدزن، من هاوسەنگەکوردییەکەم لەجێ داناوە.

- دەتوانم پاش نیوەڕۆیە لەماڵەخۆمان بتبینم؟

سەیدمیران کە هاتبوو لەدەرگا بچێتەدەرێ، لەبەرخۆیەوە کوتی:

- مردووی خۆمی دەزانم چ گۆڕبەگۆڕێکی! – بەڵێ چاوەڕوان بە!

- چ کاتژمێرێک؟ جا پێم بڵێ با ڕێگا بەکەسی دیکە نەدەم.

- کاتژمێر پێنج، یا شتێکی لەوبابەتە.

ئەوەی سەیدمیران لە قسەکانی خۆی لەگەڵ لۆتییە پیرە و کۆنەکارەکەڕا تێگەیشتبوو ئەو پیاوۆکە جامبازە لەو بابەتەدا یا ئیشتیای زۆری هەبوو، یائەوەیکەدەیەویست کات بکوژێ و کوتوپڕ بەهەڵگرتنی هوما بۆشارێکی دیکە، هەر وەک بەتەمابوو، ئەودووانە لەبەرانبەر کارێکی کراودا دانێ. دوانیوەڕۆیئەوڕۆژە، پێنجخولەک زووترلەکاتیدیاریکراو لەدەرگای ماڵەکەیکۆڵانیپیشەسازییدا. کوڕۆکەیەک بەرەوپیری هات، بێژی نەیژی هاوتەمەنی هەر عەبدولەکەی شاگردی دووکان؛ قەوقەڵافەت و جۆڵانەوەکانی بەتەواوی نوێنەری ئەوە بوون کە هەر لەودەمانەدا کرمی سەماخانەبوو. لەگەڵ ڕێنوێنی کردنی میوان بۆلای یەکێک لە هۆدەکانی حەوشەبچووکەکەدا کوتی:

- حوسێن خان ئێستا چەندخولەکێک کاری هەیە. سەرقاڵی دەرس دادان و ڕاهێنانە. بەزوویی بەخزمەت دەگات.
سەیدمیران لە ئەدەبی زووپێگەیشتوو، نیگای بەئەزموون و زمان پاراویی منداڵەکە سەری سووڕما. لەوماڵەدا دەتکوت هەموو شتێک پەیڕەوی لە ڕێکوپێکی و یاسا و بەئەزموونی دەکرد. لەوانەیە ئەو چۆلەکانەش کە لەسەر لکی دارە مێوەکەی نێو حەوشە بەولاوئەولادا دەچوون تا لەتاریکاییی زوو گەیشتووی ئێوارەدا جێخەوێکی ئاسوودە بۆخۆیان بدۆزنەوە، لەچەشنی چۆلەکەی دیکە نەبوون. کوڕۆکە درۆی نەدەکرد، هەر لە سەرەتای هاتنی ویدا بۆکۆلانەکە، دەنگی سۆزەی شیرنو لەسەرەخۆی سازیک پەردەی هەستەوەری گوێچکەی لەراندبۆوە، کە هەرچییەک بوو لە بنەماڵەی تاربوو بەڵام هەونەبوو. ئەو ئیشتیاگەلە پاک و ڕوحگەلە هەستەوەرەی لە هەڵلا و هەرای گوێچکە ئازاردەری ژینگە ماندوو و وەڕزبوونە، لە گەرمای ئەو پەلەقاژەیدا کە ئامانجی بتەوێ نەتەوێ بەدابینکردنی نزمیگەلی نەفس کۆتاییان پێهاتووە و بۆڕخواردوو و ناهومێد بوونە، لەگەڕان بەدوای ئەنوایەکدان کە مۆسیقا دەتوانێ وەک ئایین سەیوانی بێ. بەڵام ئەو باڵندە خۆش ئاوازەی لەسەر لک نیشتووە بە شنەبای بەیانی چاوی دەکاتەوە. لەسەر لکێکی بەرزتر دەنیشێ و دست دەکات بە ئاوازی مەستانە. ناڵەی دڵگری گیتار کە لەژێر پەنجەکانی هونەربارێن هەڵدەستا، وا مامۆستایانەو شادیهێنەر، وا وەستایانە و پڕ ناسکی و گڕی – یا لەهەر حاڵدا ئاوا دەهاتە بەرچاوی پیاوێکی لەچەشنی سەیدمیران – کە پاڵەوانی ئەو چیرۆکە سەرەڕای هەمووو سروشتە سەنگین و خۆڕاگرەکەی، نەیتوانیخۆ لەبزەیەکی خۆشی بپارێزێ، کە لەلێوان و هەمووڕوخساری نیشتبوو و لەوانەبوو بەنیشانەی وازوازیبوون و لاوازیی نەفسی لێکدرێتەوە. لەودیوەی ئەوی چووبۆیە و لە لایەک لەسەر کورسییەک لەچاوەڕوانیی خاوەنماڵدا لێیدانیشتبوو، هەموو شتێکی ژیانێکی کۆن و بێنوور دەبیندرا؛ فەرشەکان کۆن و نالەبار، کورسییەکان شلوشەوێق و ڕزیو و تاقەکان بەبێ دەفر بوون. تەنیا شتێکی جوان و شایانی لێوردبوونەوە کە سەرنجی ڕادەکێشا، کۆتەڵێکی عەنتیکەی مەڕمەڕی پیاوێکی بەپێوەبوو لەسەر پێشکوورەکە، بەئەندامی بەهێزولەبار، جلکی پڕچینوشۆڕوجەفەرێکی ئاسمانییەوە، بەنیگایەکلەدوور، دوودەستی لەسەرسیمەکانیچەنگێک دەگەڕان.
لەدیواری ڕۆژهەڵاتی ژوورەکە دەرگایەک دیاربوو کە لەژووری تەنیشتی دایدەبڕی؛ پەردەیەکی مەلمەلی کاڵی لەپێشهەڵاوەسرابوو و چونکە بەئاوەڵایی بەجێهێشترابوو، هەردەمێک چاوەڕوان‌دەکرا بۆخزمەتی میوانان یا لانی کەم هەڵکردنی چرا(چونکە سەرەڕای ئەوەی ماڵەکە کەلکیلەکارەباوەردەگرت، دیارنەبوو ئەوشەوە نۆرە ڕووناکاییی ئەو گەڕەکە بێ یان نا) کەسێک بەودەرگایەدا بێتەنێوئەوژوورە. پێویست بە وردبوونەوە نەبوو، ئەوپیاوەی ئیلهامی لە چەنگ و ڕوود وەردەگرت و دگەڵ ڕوحی پایە بەرزی ڕامتین دەپەیوەندیدا بوو، هەرلەودیوەی تەنیشتێدا سازی لێدەدا. بەزرینگەی خۆشی گیتار، نەرمەنەرمە، خشەخشی ناسک و شاراوەی دەفەی چکۆلە یا ئامێری دیکەشی ئاوێتە دەبوو. سەرەڕای ئەوەی هاتنی شنەبای نەرم ئەوەندە چاکەی هەبوو جارجارە پەردەتەنکەکە نەختێکهەڵداتەوە، سەید میران هیچکام لە ئامادەبووانی ژوورەکەی تەنیشتیی نەدەدیتن. دەبیری قسەکانی ئەوڕۆژەی خۆی و پیاوە لۆتییەکەدابوو، کە سەرەڕای هەموو وریایی و ڕووهەڵماڵاوییەکەی وێدەچوو کەسێکی بەدئاکار و نەسازاو نەبێ؛ ئێستا بە چەندی دەکرا ئیشتیایەکەی بڕەوێنرێتەوە، بابەتێک بوو دەبوو پشوولەسەرەخۆبیوببینی. چەند باش بوو لەبیری نەچوو لەکاتی هاتندا، بەئەندازەی بەس تا نیزیکەی دووسەتوپەنجا تمەن پووڵی لەماڵێ هەڵگرت. بەڵام مسۆگەر بوو کە تا پێش ئەوەی بابەتی جێ و ڕێی ژنە ڕوون دەبێتەوە، لابردنی لەوماڵە نەدەگونجا. لەبازاڕی شتێکی کەمیشی بۆ هوما کڕیبوو، مجرییەکی مەخمەرپۆشی جلکان، کە هەر لەوکاتەدا بە عەبدولی شاگردیدا دەگەڵ خۆی بردبوویە بەردەرگای ماڵەکە. مەبەستی وی لەو کڕینە ئەوە بوو کە بەشێوەیەکی ئاماژەکارانە حوسێنخان تێبگەیەنێ بابەتەکە لەبنەڕەتدا چییە؛ سەرەڕای ئەوەی ئەو خۆی لە درۆکردندا بە مرۆڤێکی لاواز دەهاتە بەرچاو ئەو شێێوەکارەی بۆ گەیشتن بە مەبەست بە شیاوتر زانی. لە وێنای ئەوەدا کە بەو ئاهەنگە ڕوح پەروەرەی کە ئێستا سەرخۆش و بارسووک و پڕکوڵوکۆ ببو و لەباری ناسکی و گڕی، ئاهەنگ و کێش و شێوە، دەوڵەمەندتر و سەرسامکارتر گەمەی ڕەنگەکان لە باغێکی پڕ گوڵ و گوڵاڵەسوورەدا بوو، چ کەسێک سەمای دەکرد، دڵیسەیدمیران وەجۆڵەکەوت. لەڕاستیدا ئەوبۆیە جێگایخۆی لەسەرکورسییەکەی لەنیزیک دەرگای وەژوورکەوتن هەڵبژاردبوو کە بتوانێ بۆ دیتنی هوما لەحەوشێ، چاو لەدەرێ کات، بەڵام ژنە هەرلەودیوەی تەنیشتی لەنیزیک وی بوو. حوسێنخان سازی لێدەدا و ئەوسەمایدەکرد؛ و ئەوەلەڕاستیدا بەهێندێک جێگۆڕین لەکورسییەک ڕا بۆکورسییەکیدیکە بەتەواوی گونجاوی دیتنبوو. ژنەگەنجەکە کراسێکی ئەتڵەسی کارەبایی ڕەنگی دەبەردابوو کە بەژنەکەی تەنگ و ناسک و بێقۆڵ، دامێنەکەی درێژ و بە سەنگینی وەک هەر ئەو کۆتەڵەی سەر پێشکوورەکە بوو. زولفەکورتو ڕەنگ بەڕوویییەکانی کەبە چەشنێک شەیدایی و سۆز، ئاڵوزی و پەرێشانییان دەنواند،

پەتای ئاوەزوباوەڕبوون. دەسماڵێکیشینیگەورەی ڕیشوودار ی بەشانیدادابوو کە سەرێکی بەددانگرتبوو؛ لەکاتی خولخواردندا شەپۆلی دەدا و لەملی دەهاڵا تا جوانیی بەشکۆی سەرشان و سینگی وەک عاجی ئاشکرا کات، کە لەتیفتربوو لەڕەحمەتی ئیلاهی. بێحەیاییی هێڵە نەرم و لەبار و خوارابییەکانی دڵڕفێنی لەشی لە تاریک و ڕوونی ئەفسووناویی ئاهەنگەکاندا وەک ئەو سکەیەی لەبەر تیشکدا ڕادەژێ، وندەبدەبوو و دیسان دەتروسکاوە. ئایا پیاوە لۆتییەکە لەسەر ئەوسەردانەی هیچی پێکوتبوو؟ ئایا ئەوجۆڵانەوە لەلایەن ژنە پەیمانشکێنی و خەیانەتێکی سەبارەت بەوی تێدا بەدی نەدەکرا؟ پیاوۆکەی فێڵباز بێقسە ئەو شانۆیەی بەئانقەست ڕێکخستبوو تا لەدۆستایەتیی لۆتییان بادەی ئەڤینی فەرمووکات و داوای هیممەت بکات. چونکە ئەگەر لەژندا پێچێشتنی ئەڤین بناغەی ژیانە، لەپیاودا ئەوپەڕی خۆیەتی. بیرێکی وا پیس لە ماکێکی وا کەترەخەم و بەرەڵڵا، کە تکاوەی کەیفونەهەنگ بوو، هیچ دوورنەبوو. ئەگەرنا، حوسێن خان بێگومان دەیەویست نیشانی بدات کە کاری ئەو ژنە لەکارترازاوە. کاتێک مژی ڕازاویی کاتی شێوان لەناکاو بە هەڵبوونی کارەبای هۆدە لەناو چوو، ئەو میوانە بەڕێزەی لەتاریکیدا دانیشتبوو و بەوردی چاوی لە شانۆی ڕوونی پشت پەردەی دەکرد، خۆی کۆکردەوە. بێدەگیی قورسی دەیر، ئارامیی دڵخوازی مزگەوت و ئەو زایەڵەی ئاگەنگداری نەوا و ئاوازەکان هەرکامەیان بەجۆرێک کاردەکەنە سەر ڕوحی مرۆڤان. سەرەڕای ئەوە، سەیدمیران وادیار بوو دیتنی ئەودیمەنە ناخوازێ یا بە بێڕێزییەک بۆ کەسایەتی و وجوودی پیرانەی خۆی دەزانێ ئێستا ئیدی بچووکترین وردەکارییەکانی جۆڵانەوەکانی ژنەش لە بەرچاوی تیژبینی ئەو بەدوور نەبوو. سەروبسکێکی ڕازاوە و دڵڕفێن، ڕوخسار و بزەییەکی بەختەوەر، گەردنێکی قیت بەحاڵەتێکی بەشکۆوبادیهەوای وەک ئەسکەندەر، بەبێ ئەوەی کە لاوازبێ، لەسەر نێوشانێکی ناسک، وەک عاج و ورووژێن، کە لەنەترسترین پیاواندا بوێری پەکدەخست؛ بەژنێکی باریک، نەرموشلو شاعیر پەسند بەبێ ئەوەی لووس بێ؛ سمتێکی پتەوو پیاوکوژ کە ئەگەر قائانی زیندوودەبوو بێگومان پێداچوونەوەی بە ڕوانگە جوانی ناسانە و هەروەها بناخەیشێعریی خۆیدا دەچۆوە؛ بەڵام ئەوەی لەهەمووجێگایەکیسەماکار زیاتردەکەوتەبەرچاوی سەیدمیران، دامێنی هەڵدڕاوی کراس و بەلەکە توورەکانی بوو کە بەدڵنیاییەوە دەستی بلیمەتترین پەیکەرسازی گۆڕەپانی مێژوو نەیدەتوانی نموونەیەکی وەک وی بخوقێنێ. تەنیا قەڵافەتی شلومل و گەلەک دڵگری ئەوماسییەدۆڵفینە بوو کە بە سەمای ڕەوانی خۆی دەتوانی ئاگرێکی وەها پەرەئەستێن لە سۆز و ئەنگامەیەک بخاتە پیاوە لۆتییەکە. پیرەمێرد لەجێگایەک دانیشتبوو کە ڕاست ڕووبەڕووی وی بوو. کاسەی گیتارەکەی وەها بەکەلەکەی خۆیەوە نووساندبوو، وەک ئەوەی دەیەویست ببێتە بەشێک لە گەردیلەکانی. وەک زێرووبەکی لەبەر خۆرەتاو کەوتبێ، دەم بەدەم قەڵافەتی درێژ و چەماوەی چووکتردەبۆوە. چاوە گەورەوتارەکانی کەلەکاتی ئاساییدا هەمیشە سست و بەخومماربوون، لەبەر زۆر وردبوونەوە و ڕەبەنایەتی، کە ئاوات و بێئۆقرەییی هونەر دەویدا خولڵقاندبووی، بەشێوەیەکی ترسناک خڕ و گەورەببوونەوە؛ هەر وەک بڵێی هێزێکی نادیار لەدوولای پێچەوانەڕا گوشاڕ دەخاتە دوو گۆی ئەو چاوانە تا هەرکامەیان بەرەولایەک بکێشێ، بڕی دیتنی پیاوۆکە لە پەردەی زەمان و مەکان تێپەڕێنێ و لەدووریی بێنەهایەتدا داینێ. ئەو ئافراندەرەی لە کەپسوولێکی لەڕادەبەدەر بچووکدا دنیایەکی جێ کردبۆوە، لە ماک، وزە، لە وزە، بزاو و لەبزاو، بەملیۆنان ملیۆن دیاردە و نیشانەیئافراندبوون، ڕازی ئافراندنیخۆی دەدەستی پیاوێک نابوو کە ئێستا وەک بوتی بەعل لەوێ دانیشتبوو و بۆ تینوێتی شکاندنی خۆی خوێنی دەویست. ئەگەر هێزی خوداوەندی لەوەدایە کە لە ماک بزاو بخولّقێنێ، لەبزاویش ماکی دەخولّقاند. بەهەرشکافەیەکی سازەکەی بەندێکدەپسا و شەیتانێک ئازاددەبوو، کەبەسەروسەکوتی شێواو، چاوانی جینایەتبار و نیازگەلی پیس، دەرگا و دیواری ژوورە بچووکەکەی پڕدەکردن. ناسکی و گڕیی سەرسووڕهێنەری ئەو ناڵانەی تاڨگەئاسا هەموو ئەستوونەکانی وجوودی دادەگرت، وەها هەست وروژێن بوون، وەها ئاژاوەچی بوون کە کورسی و مێزیشیان بانگهێستنی جووڵانەوەشادی دەکرد. بێقسە هەر ئەوئەفسوونە دۆزەخییەی قامکەکان بوو سەمای دە ژنەگەنجەکەدا وەخۆهێنابۆوە. لێرە ئەوتەرکەدنیاییە لەشی و ئەخلاقییە دەگۆڕێدابوو کە ئایینی سروشت پەرستی میترا، بۆ ئەزموون، پێشنیاری بە پیرە بەئەمەگەکەی خۆی دەکرد تادوایین ئاوی پاکی بەسەرداکاتو ڕێگای بۆلایپیسییەکان بەربەستبکات. هەرگیز سالوومە، ئەوژنەی دیرۆک ناوی بەناحەزی دەبات، بۆ بەجێگەیاندنی نیازی گڵاوی، بەسۆزێکی ئاوا سەمای لەپێش پێی سوڵتانجەببار نەکردبوو کەئەو کوردزادەگەنجە لە بارەگای ترياكييەكی پیریبەلەنگاز کردی. ئەونێوقەدەی لەهەرخولی ئەفسووناوییدا هەزار کەشمونەشم و لەهەر کەشمونەشمێکدا هەزار ڕەمزی ئەڤین و جوانی شارابوونەوە، فەرمانی لەویستێک دەبرد کەناوەندەکەی نەک لە کرۆکی سەماکار بەڵکو لەبن پەنجەی لۆتیدابوو. ڕوحی شەیتانییهونەر و ئاهەنگی چووبووە نێولەشی. ئەوژنە ئیدی دەگەڵ ئەوهومایەدا کەئەو دیتبووی‌و ببووە دۆستی، دنیایەکی نێوان هەبوو. لەبنەڕەتدا نەک ژن، بەڵکو بوونەوەرێکی دیکەبوو بەدەر لە ڕەگەزی مرۆڤ. بێگومان ئەگەر خەنجەریان لەکەلەکەیدابا و خوێنی ڕژابا ئاگای لێنەدەبوو. بەڕاستی ئەوهەموو جووڵە و خەموتاوە لەمرۆڤێکەوە جێگای باوەڕ نەبوون؛ مەگەر ئەوەی بڵێین هەویری ئەوژنە لە کەفی شەپۆلگەلی بەخرۆش و ئارام نەگری دەریاوە شێلابێ و دەیەکەمین پڕشنگەکانی زێڕینی هەتاوی بەیانییانی وەردابێ. ئەوڕێگایەی ئەو پێیدادەڕۆیی ڕێیپاکان نەبوو؛ سەرەڕای ئەوەش سەیربوو کە ستایشتەکەی مرۆڤی ناچار بەکڕنۆش دەکرد. ئەو گەنجینە سەرسووڕ هێنەرانەی نەرمی و جوانی و ئەوهونەرە سەرسامکارەی هۆش و جووڵەی لە بینەر دەڕفاند، هەروەک حوسێن خان دەیکوت بێگومان دیاریی خوایی بوو بۆئافراندراوانی زەوی. سەرەڕای ئەوانەش، ئەوهومایەی ئەو دەیدیت هەرئەوەندە پشتی دەژیانی ئاسایی کردبوو کە ژیانی ئاسایی دەویدا. کامارگوی بەرەگەز ئێرانی، تەنانەت دۆستایەتی و خۆشەویستییە ساکارەکەی لە وێناکردن بەدەربوو، تا چ دەگا بە زەماوەندوتێکەڵاوی دەگەڵ کاسبکارانی بێ تێگەیشتن و بڕشتی لەچەشنی حاجی بەننا و ئی وەک وی و هاوچەشنانی؛ ساخارینێک بوو لەبەر زۆرشیرنبوون، هیچ مێشەهەنگوێنێک نەیدەوێرا لەسەریبنیشێ. بەڵام لەبابەت ئەوهونەرەی بێ قسە سەتهەزارعەیبی بۆ دادەپۆشی چ داوەرییەکدەکرێ؟ تەنیا دەریایەکی گەورەی وەک کۆمەڵگابوو کەدەیتوانی بەبێئەوەی بەئیخۆی بزانێ بوونیوی بەباوەشی ئاوەڵەوە وەرگرێ. ئەو هەرچەندیش دامێنتەڕبووبا، وەک فرینە[1] لەکۆمەڵگای بەدەستی هەڵبژاردوویخۆی، بەنیازیبەتاوانباردانانیبوو، بڕیاری بێتاوان بوونی لەسەتاسەت وەردەگرت. تەنیا شتێک لەوکاتەدا بە مێشکی ئەو پیاوە کاسبکارەماندا دەهات ئەو بیرەبوو کە لەبەرەخۆیەوە بەیتایەیتا لەبن لێوانەوە دوویاتی دەکردەوە:

١- فرینە ژنێکی جوان بوو کە لە سازکردنی ینۆسدا بو بە مۆدێلی پراگزیتێل. دادگای یۆنان ئەو ژنەی بەتاونی قاحبایەتی دادگایی کرد. فرینە بەبەرچاوی دادڤانانەوە ڕووتبۆوە. دادگا لەژێرکارێکردنی جوانییەکەی بڕیاری بێتاوان بوونی بو دەرکرد.

- نا، ئەو دەبێ هەر لێرە بمێنێتەوە. ئەو قەدەمخێرە هەر پێشکەشی ئەوموبارەکەبێ[1]!

پێشتر هەرگیز دەمێشکی سەید دا نەدەگونجا هونەر تائەو ژمارە پلەی هەبن. کورتێ و کەژێ لێک دەهەژێ. ئەوەی ڕوون بوو، خاڵی جادوو دەبن‌کەڵەکی پیاوێکدادەخزی‌کە ڕواڵەتەکەی زیاتر لەپیاڵەیەکی گەوکراوی نەدەهێناوبەوحاڵەش ئافراندەری هونەر و واتا، جۆڵە و بابەت‌بوون. شەیدایی و سۆزی بێخەوشی وی بینەری دەخستەوە یادی ئەوڕۆژەی باربەدی مەزن، ئەو شایبەخشەی بێ‌هاوشێوەی ڕوح، لەخەمی کەوتنی پەرویزدا دوایین مەقامی خۆی کۆکدەکرد، تا پاشان بەبڕینی قامکە هونەربارەکانی، عوود و ڕوباب دەئاوری باوێ و تا کۆتاییی تەمەنی لەدنیای مۆسیقا پەڕگربێ. ئەگەر ئەو لەجێگای دەوڵەت با، ، ئەو پیاوەی بە باشترین پاداشتەکان خەڵات دەکرد، یا سێنێممارئاسا لەسەر ئەوکۆشکە گەورە ڕا هەڵیدەداشت، کە دەستکاری دەست و پەنجەی زێڕینی خۆی بوو. خەونی مانگەشەوئاسای شێعری حافز بەو ڕێگایەی لۆتی لێیدەدا، ئەوە پڕجۆش و خرۆشتر لە هەردەمێک، لەهەمووجێگایەک وەسەما کەوتبوو. پیاوۆکەی لۆتی کە بەکیمیای ئاهەنگ لەشێکی بەڕوحیێکی ڕەها گۆڕیبوو، دیارنەبوو چنیازێکی دیکەی دەسەردابوو. ئەگەرئەودەستەی لەسەر سیمەکان دەخزی بەئەندازەی نووکەدەرزییەک زیاتر خواردەبۆوە، بەبێ قسە هەموودەرگاکانی قایمی جەهەننەم دەشکان‌و هونەردۆست و خاتوونە خوای هونەر، هەرچی بوو و نەبوو دەبووە نێچیری شەڕفرۆشیگەل و شاوەتە سێڵاوئاساکان.

سەیدمیران کە دە جەزبەیەکی عارفانەدا بۆ دەمێک خۆی دە دۆخی مووسا لەسەر کێوی سینادا دیتبوو، لەناکاو لەوخەوە گران و کوفر ئامێزەی دیارنەبوو چەند کاتژمێر یا خولەکی کێشابوو، وەخەبەرهات. دەنگی ئاهەنگ، نەرمەنەرمە بە ڕەنگێکی دڵگرەوە کە تەنیا گوێچکەی هونەرناس دەو سازگارییە شیرینەی دەگەیشت، کە تێیدا دەتلایەوە. ئێرە، ئەو قەلەمندارە باریکەبوو خوای هونەر دەستەڵاتی شەیتانیی خۆی بۆ قوربانییەکەی وەدیاردەخست. دەتکوت ئەو تاوانبارەی بە مردنی بەئەشکەنجە سزادراو بوو، دەبوو بەڕووتوقووتی بچێتە نێو ئاگر. ئەگەر لێوە تۆبەوێژەکانی وی و ئەو لەرزەی لە بیرکردنەوەلە بێشەرمییەکی نەشیاوی کوتن لەگیانی نیشتبوو نەبوو، بێگومان وەک شێرێک بوو لەپەردە دەرپەڕیبێ، بە هەنگاونانە ژوورەکەی دیکە، قاپوقاچاغی ئەو پیاوە نەفرین لێکراوەی دەسەریدا بشکێنێ و دەخوێنەکەی بتلێنێ. بۆوەی لەوشەوی قەدرەدا کە بیست‌ویەکەمی مانگی ڕەمەزان بوو، لەوەی زیاتر چاوی بە شانۆیەکی بێ‌پەردەی ئەندام نەکەوێ، بەحت‌وباهیرلە ژوورێ دەرپەڕی. شەرابی دەنگ و ئاهەنگەکان کە کاریان دە ڕوحی بێخەوش و دەست لێنەدراوی کردبوو تا نوکتەها ببینێ و بیان ناسێتەوە، لە لەرزوتایەکدا کە هێشتا لە مۆتەکە شوومەکەی ڕزگار نەببوو، ئەوی سووکتر لە بڵق و ڕەوانتر لەزیبەق کردبوو. کاتێک دەستە بەپەلە لەرزۆکەکانی پشکۆڵی دەرگا مۆڵلارە خواردووەکەی حەوشەی دەکردەوە، لەناڵەی خوماراوی و ماندووی لۆتی، کەلەرزەی دوایین ئاهی ویی بەخۆوەگرتبوو و لەهەمان کاتیشدا نیشانەی کۆتاییی کارەکەی بوو، بەوچەند وشە بێزەونە بەگوێی گەیشت:

- بلوور، بلوور، گیانەکەمی؛ یەک پارچە نوور، ئێستا وەرە، یاششا!!

سەیدمیران بەڕەنگ‌وڕوویەکی سوورهەڵگەڕاو وشەرمن، و خێراییەکی سەرسووڕهێنەر، کۆڵانی پیشەسازیی بەجێ‌هێشت. لەڕاستیدا ئەو سەماکارە پیشەیی و ناشیرین بووە، لەبن ئاسمانی شیندا بێجگە لەماڵە حوسێن خان جێگای لەکوێ بوو؟ و چ باش بوو کەئەو لەخۆڕا بۆ دیتنی حاجی بەننا و قسەکردن دەگەڵی خۆ نەکردبووە بەردی سەر سەهۆڵ. ڕووجوانی گەنج بەوپەڕی داخەوە زیاتر لەوە قوم‌ببوو و ئاو لەسەری تێپەڕیبوو کە هیوایەک بۆڕزگارکردنی دەگۆڕێدامابێ. لە شانۆی سەماوئاهەنگدا، ئەو دیلی هەمیشە مەست و داماوێک بوو کە هەرچەندە زیاتر بەگریانەوە دەستی دەدا تۆبە و لاڵانەوە، ئەوەندەش زووتر بۆی دەگەڕاوە. و دیسانیش ئەو پیاوۆکە دۆزەخییە هەموو ئەوبابەتانەی ئەوێ‌بەیانی بەڕاشکاوی و بێ پەردە وەبیر وی هێنابوونەوە.

---

١- قەدەم خێر و موبارەک ناوگەلێک بوون ئاغاکان لە خولام و کەنیزانی خۆیانیان دەنان.